# غەززە و عروبە

هۆ ئوممەتی محمد المصطفی
وا سەرم ئەبڕن کوانێ وەفا
خۆ ئێوە ئیبراهیم نین ڕووتان وەرگێڕن
یان ڕووەو قیبلەکەی عروبە نوێژ دەکن

**وا مل گێڕن**

هۆ هاو دینان  هۆ... هاو بیران
مەگەر منیش لەخۆتان نیم
بۆچی تەنانەت بە درۆش لە بیرتان نیم..؟

مەگەر نالێن دیموکراسی ئاراستەی بیری ڕەوایە
ئەوەی میللەت پەسندی کرد گەورەیە، سەروەرە، ئاغایە؟
**کوا... کوا** کەی وایە
کاتێ خەڵکی غەززە و فەلەستین دەنگیان بۆدان
ئەوانەی ترتەنانەت لەگەڵ تەزویریش بێژنگ دران
ئیتر بۆچی... ئیتر بۆچی سەرم دەبڕن
لە نان و ئاوم دەکەن... دەتانەوێت قسەم ببڕن؟

ئەها... ئێسا ڕامام بیرم کەوتەوە
ئێستا مێژوو جارێکی دی خۆی دەنوسێتەوە
ئەمە تومەسا من
هەر هەمان حسێنی کوڕی عەلیم
لە سەحرای ئابلۆقە دراوی نێو کووفە دا
بە شمشێرەکەی عروبە شەهید کرا

10/محرم/1430